KURDISTAN NET کوردستان نێت

Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris
Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.19 18:54:46 +01'00'

# گەڕان لە دووی خود

حەمەسەعید حەسەن

شیعر دەنگێکە لە سەرچاوەی ناخی شاعیرەوە هەڵدەقووڵێت و ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی بیر دێنێتەوە. ئەوە شیعرە لێ ناگەڕێت شاعیر چاو لە ناپاکی و تاوان بپۆشێت. ئەگەر شیعر نەبووایە شاعیریش سەری بۆ سوڵتانی ئەمری واقیع نەوی دەکرد. شاعیر شیعر کەوی ناکات، ئەوە شیعرە بوار نادات شاعیر ماڵیی بکرێت. پێوەندیی سەرەکیی شاعیر بە جیهانەوە، لە ڕێی ناوکەداوی شیعرەوەیە، لەگەڵ پسانی ئەو داوەدا دەمرێت.(١) شیعر گەمەی منداڵان نییە، غەزالی گوتەنی: هەندێ جار لە قورئان کاریگەرترە، دەشێت هەر لەبەر ئەم کاریگەرێتییە مەزنەش بووبێت، گەورەسۆفییان بە شیعر هەست و بیری خۆیان دەربڕیبێت.

شیعری نوێ ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو بابەتەکەوە، بە هۆی شتە لاوەکییەکانەوە باسی شتە سەرەکییەکان دەکات. لە ڕوانگەی وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە لە مانای بوون ورد دەبێتەوە، خۆی لە هاتوهاوار و دروشمی ساکار بە دوور دەگرێت، بەڵام مەسەلە گرنگەکانی سەردەم پشتگوێ ناخات، خۆی لە گێڕانەوەی هەواڵ، ئامۆژگاریکردن، بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن دەپارێزێت و زادەی ڕامانێکی قووڵە، نەک فیکرێکی تەنک.

شیعری نوێ بەرهەمی مانای باڵا، وێنەی جوان و خەیاڵی بەپیتە، بەڵام گرنگ پێکەوە گونجاندنی ئەو ڕەگەزانەیە،(٢) چونکە شیعری نوێ کۆمەڵێک زانیاری، وێنە، بیر و بۆچوونی پچڕپچڕ نییە، بەڵکوو پێکهێنەرەکانی هێندە توندوتۆڵ یەکیان گرتووە، مەحاڵە لە یەکدی جیا بکرێنەوە و هەموو پێکەوە شیعرەکە تەواو دەکەن. لە شیعری نەوەکانی پێشوودا شابەیت، کرۆکی مەبەست، لوتکە و قوفڵی کۆتایی لە دێڕێکدا خۆیان دەنوێنن، بەڵام شیعری نوێ دەکرێت هیچ کام لەو ڕەگەزانەشی تێدا نەبێت و پشت بە وێنە، مۆسیقای ناوەوە و گەشەکردنی سروشتی ببەستێت.

شیعری نوێ ئاسۆی بەرینە، بەردەوام لە گەشەکردندایە و هەموو ڕۆژێک، ڕۆژی لەدایکبوونێتی. شاعیری نوێخواز سەرقاڵی سەرکێشی، تێپەڕاندن و دۆزینەوەی کیشوەرە نوێیەکانە. مارکس دەیویست جیهان بگۆڕێت، شاعیری نوێخوازیش مالارمێ گوتەنی زمان دەگۆڕێت و بەو زمانە نوێیە شیعرێک دەنووسێت (نە ڕەنگدانەوەی واقیعە وەک ڕیالیستەکان دەیانویست، نە بەرجەستەکردنی خودی شاعیریشە وەک ڕۆمانسییەکان باسیان دەکرد، بەڵکو وێنەگرتنی ماوەی نێوان خودی شاعیر و واقیعە.)(٣)

تەمومژ

بە لەناو خودی خۆدا بزربوون، دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ و پەنابردنە بەر تەمومژێکی دەستکرد، شیعری باڵا لە دایک نابێت. نەففەری دەڵێ: (هەتا ئاسۆی بینین بەرینتر بێ، بواری دەربڕین تەسکتر دەبێتەوە.) تەمومژی هونەری ڕەنگدانەوەی ئاستی باڵای شاعیرە، تەمومژی ساختەش با بە رووکەش لە ژانی چیایەکیش بچێت، بەڵام هەر مشکی مەتەڵ و نووسینی ئاڵۆز بەرهەم دەهێنێت. تەمومژ بۆ گەیشتن بە نهێنییە قووڵەکان پشتی پێ دەبەسترێت و جیاوازە لە بزرکردنی خوێنەر لە جیهانێکی بێ سەروبەردا.

شیعر قسەی ناخی شاعیرە لەسەر زاری و دەیەوێ بگاتە خوێنەر. شاعیر خۆی بڕیار دەدا روون و ساکار دێتەگۆ یان ئاڵۆز و لووتبەرز، خوێنەریش ئازادە ئامێزی دەروونی بۆ دەکاتەوە یان دەرگای بە رووداداخات.

شتی گرنگ لە شیعری نوێدا ئەوەیە کە دیار نییە، ئەوەیە کە دەبێت خوێنەر لەو دیو تەمومژەوە بۆی بگەڕێت، ئەو وشانەیە کە شاعیر نەیدرکاندوون. هەموو شیعرێک داهێنانێکی هونەری نوێیە، بۆیە شتێکی سروشتییە تەمومژاوی بێت و جیاواز بتێ لە واقیع. هەندێک جار تەمومژ ڕەنگدانەوەی پێوەندیی شپرزەی نێوان شاعیر و کۆمەڵە، یان دەرئەنجامی ناکۆکیی نێوان شاعیر و دەسەڵاتە. دەشێت ترسیش شاعیر ناچاری پەنابردنە بەر تەمومژ بکات. لەم حاڵەتانەدا خوێنەر مافی ئەوەی نییە داوای شیکردنەوە لە شاعیر بکات، ئەوە کاری رەخنەگرە ڤیزەی پەڕینەوە بۆ وڵاتی خوێنەر لە پاسپۆرتی شیعر بدات. شیعری نوێ نەوتی خاوە، رەخنەگر پاڵاوگەیە.(٤)

ڕەخنەگر پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە دەیبینێت، نەک ئەوە ببینێت کە بیری لێ دەکاتەوە. دەبێت بۆچوونەکانی زادەی دوای خوێندنەوەی دەقەکە بن، نەک بڕیاری پێشوەخت. دەبێت لەبەر ڕۆشنایی دەقەکەدا بدوێت و لێی دوور نەکەوێتەوە. نابێت بە کوتەکی ئایدۆلۆژیا سەری کۆتری کاری ئەدەبیی پان بکاتەوە. نابێت بە تۆڕی تازەگەریی ساختە، ڕاوی پەپوولەی دەقی باڵا بکات، نابێت قسەی زل و بەرهەمی بچووک بێت.

شیعری نوێ فیکری چاکیشی تێدایە، بەڵام تەنیا بە بیری چاک شیعری جوان پێک نایە. ئەو دەقەی گرنگیی بە چارەنووسی ئینسان نەدات، بەردەوامبوونی خۆی ڕەت دەکاتەوە. هەموو شیعرێکی جوان دەکەوێتە خانەی داهێنانەوە، هەموو داهێنانێک سنووری تابوو شکاندنە، تیری گومانە ئاڕاستەی یەقینی باو دەکرێت، یان وەک ئەلیۆت دەڵێت: (هۆشیاریی سەروەر تووشی دڵەڕاوکێ دەکات.)

ئەوانەی سووکایەتی بە نەوەکانی پێشوو دەکەن، بەرهەمی کۆن بە هیچ دەزانن، سەرقاڵی کوشتنی باوک و باپیری خۆیانن و ڕەدووی ئاژاوە دەکەون، کەسانێکن لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە هێمن نین، لە باری ڕۆحییەوە شێواون، تێڕوانینیان ساوایە، دەرگایان لەسەر خودی خۆیان داخستووە و خۆیان دەخۆنەوە، بۆیە شیعریان تاریک و نووتەکە، فیکریان وەک دەروونیان شپرزەیە و تەکنیکیان وەک ڕۆحیان شێواوە. بۆ شاردنەوەی ساکاری، ڕووکەشی، هەژاربیری و خەیاڵی زڕیان پەنا دەبەنە بەر یاریکردن بە فۆرم و تێکدانی زمان، وەک نەزانن کرۆکی شیعر جان کۆهن گوتەنی: ( چاک بەکارهێنانی زمانە، نەک پشتگوێخستنی ڕێزمان.)

تەمومژی شیعریی ڕاستەقینە وەک لای ئەدونیس، لە ئەنجامی ڕووناکبیرییەکی قووڵ و هۆشیارییەکی باڵاوە سەرهەڵدەدات و لای ئەوانەشی دەیانەوێت ڕۆڵی شاعیر ببینن، ڕەنگدانەوەی هەست بە کەموکووڕی کردنە. هێندێک لەوانەی خۆیان بە شاعیری نوێخواز دەزانن، بەرهەمیان دیار نییە لە کوێ دەنووسرێت، بۆنی هیچ کوێی لێنایە، باسی خاک دەکەن، بۆنی خۆڵ نایە، نیشتمان لە بەرهەمیاندا نەخشەیەکی مردووە، کە باسی ئینسان دەکەن، وێنەی تارمایی دەکێشن. لەبەر هەر هۆیەک بێ ویژدانیان تاریکە، شاعیری ویژدانرۆشن ژیانی بە نەمانی کەسانی دیکەوە بەند نییە. داهێنەر پێویستی بە کوشتنی باوک،

سڕینەوەی نەوەی پێشوو نییە و تەمومژی ساختە ناکاتە دیوارێک لە نێوان شیعر و مەسەلە گرنگەکانی سەردەمدا. ( دۆنکیشۆتی سێرڤانتس و هاملێتی شەکسپیر، ئەمیان ئاسان و ئەویان سەختە، بەڵام دوو دەقی قووڵن، دوو شاکاری ئەدەبی و دوو لوتکەی داهێنانن.)(٥)

شێوەی نوێ .. ڕەوتی نوێ

لە شیعری نوێدا شوێنە سپی و نەنووسراوەکانی لاپەڕەکەیش وەک وشە و دێڕەکان بەشێکن لە دەقەکە، ڕستە شیعرییەکان بۆشاییەکان دەدوێن و وشەکان شوێنە سپییەکان دەهێننە گۆ. شاعیر وشە و دێڕە نەگوتراوەکان بۆ سەلیقەی خوێنەر بەجێ دەهێڵێت. شیعری کۆن بۆ ڕاگرتنی کێش یان هێنانەوەی سەروا هانای بۆ ناوکار دەبرد، شیعری نوێ پەنا بۆ تەکنیکی سڕینەوە دەبا. ناوکار: وشە زیادەکانە. سڕینەوە: وشە نەنووسراوەکانە، ئەوانەی خوێنەر پێشبینییان دەکات. شاعیری بەتوانا لەبری ناوکار و درێژدادڕیی، پشت بە سڕینەوە و لە کورتی بڕینەوە دەبەستێت. شیعری نوێ بۆ خوێندنەوە و لێ ڕامان دەنووسرێت، شیعری دێرین بۆ گوێ لێگرتن و ستران دەنووسرا.

لە شیعری نوێدا فیتز گیراڵد گوتەنی: (گرنگ گوتنی شتی گەورەیە بە ڕێی ئاسان،) یان وەک ئەدگار ئالان پۆ دەڵێت: (گرنگ بەرجەستەکردنی جوانییە بە پشتبەستن بە موسیک.) لە شیعری نوێدا هەموو گوتەیەک بە پێوانە جێی بۆ دەکرێتەوە، سەرنجی توانای دەدرێت و بیر لەوە دەکرێتەوە، چی بە شیعرەکە دەبەخشێت؟ چ ڕۆڵێک بە پێوەندیی لەگەڵ وشەکانی دیکەدا دەبینێت؟(٦)

شیعری کۆن سەر بۆ یاسای دێرین دادەنەوێنێت و لەبەر ڕۆشنایی ڕەوانبێژییەکی پێشوەخت و چەند پێشمەرجێکدا دەنووسرێت. شیعری نوێ لەگەڵ لەدایکبوونیدا ڕەوانبێژیی تایبەت بە خۆی دێنێتە گۆڕێ و هیچ پێشمەرجێک لەبەر چاو ناگرێت. سۆزان بەرنار دەڵێت: (وەک چۆن ڕووبار خۆی ڕێڕەوی خۆی هەڵدەکۆڵێت، شیعری نوێیش خۆی شێوەی خۆی دەخوڵقێنێت.)

کێش یەکێکە لە مەرجەکانی نەزم نەک شیعر. کێش چوارچێوەیە، قەفەزە، ئیقاع ؤص□هصغ خوێنە بە لەشی دەقەکەدا دەگەڕێت. کێش کۆنەدەوارێکە شاعیر داڵدەی بۆ دەبات، ئیقاع ماڵێکی نوێیە شاعیر بنیاتی دەنێت. کێش کورتی و درێژییەکەی، بەرزی و نزمییەکەی پێشەکی دیاریکراون، ئیقاع بە پێی باری دەروونیی شاعیر لە گۆڕاندایە و لە ئەنجامی چۆنێتی پێکەوە ڕێکخستنی وشە و پیتەکانەوە دێتە گۆڕێ. ئیقاع لە دەروونی شیعرەکەوە دێتە دەرێ و وەک کێش نییە کە لە دیوی دەرەوە سنووری شیعرەکە دیاری دەکات.

کێش هاوارە، ئیقاع زایەڵەیە. شیعر دەشێت کێشی نەبێت، بەڵام هەموو نووسینێک ئیقاعی هەیە، ئیقاع لە هەموو جووڵەیەکدایە. سەروا کۆتایی کێشە، بەڵام ( ئیقاع بڕبڕەی پشتی بونیادی شیعرە.)(٧) شیعری نوێ ئیقاعی مەبەستە نەک کێش، چونکە وەک شەپۆل بازنەیی، ڕێی سەفەر دەگرێتە بەر. پەخشان کە وەک تیر ڕێ دەبڕێت، بەربەست و قۆرت نایەنە سەر ڕێی، هیچ کۆسپێ ڕێ لە قوڵپەی هەڵقووڵینی ناگرێت. ئەگەر کۆت و پێوەند لە دەست و پێی شێواز ئالابن، بیر و خەیاڵ، بێ کەموکووڕی بەرجەستە ناکرێن، بۆیە جاری وا هەیە هێندەی شیعر لە نامەیەکدا هەیە، لە هۆنراوەیەکدا نییە. (هێندەی شیعر لە پەخشانی جوبران خەلیل جوبراندا هەیە، هێندە شیعر لە هۆنراوەکانیدا نییە.)(٨)

وەک چۆن کێش و سەروا شیعر بەرهەم ناهێنن، هەروەها شیعر بە پشتکردنە کێش و سەروا بەدینایە. شیعری نوێ کێشی دیاریکراوی نییە، بەڵام جۆرە مۆسیقایەکی هەیە کە لە ئەنجامی چڕی دەقەکەوە لەدایک دەبێ. مۆسیقای شیعری نوێ سروشتییانە لە ناخی شیعرەکەوە هەڵدەقوڵێت و لە ڕەوتی هێمنی کانیاو دەچێت. شیعر پێویستی بە کێش نییە، ئەوە نەزمە بێ کێش نایەتە دی. شیعری نوێ بووکێکە ئەگەر مۆسیقا پشتگوێ بخات، لە بری لەنجەولار، دەلەنگێت، شیعری کۆنیش کە پشت بە سەروا دەبەستێت، سالتیکۆف شیدرین گوتەنی: (لەوە دەچێت شاعیر لەسەر پەتێک بڕوات و ناو بە ناو چوارمەشقی دابنیشێت.)

لە ئەمریکا واڵت وایتمان و لە ئەورووپا بۆدلێر دیواری نێوان شیعر و پەخشانیان ڕووخاند. مالارمێ دێڕی تەقاندەوە، ئەو کاتە تەقاندنەوەی دێڕ وەک باوک کوشتن وابوو. هۆنراوە تا لە گێڕانەوە نزیک ببێتەوە، گرنگیی زمانە شیعرییەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە. چیرۆک تا لە شیعر نزیک ببێتەوە گرنگیی زمانەکەی زێتر دەبێت. شاعیر وەک سۆزان بەرنار دەڵێت: (دەتوانێ پەنا بۆ ڕەگەزەکانی گێڕانەوە ببات، بەڵام دەبێت بۆ مەبەستی شیعریی بیانخاتە گەڕ.) شیعری چڕ و هێمن با لە مەنەلۆگیش بچێت، بەڵام دەبێتە دیالۆگ لەگەڵ ڕۆحی خوێنەردا.

شیعری سپی

ڕۆحی لە شەختە گیراوی بە ڕێژنەی ئاگر شووشتەوە. ل ٩٤ دیوانی ڕەفیق سابیر.

منارەکان بوونەتە کێلی شارەکان. ل ٤٠٠ دیوانی ڕ. س.

ئاسۆی وڵات هێشووە هەتاوی گرتووە. ل ٢٣ وەرزە بەردینە.

لە ناو گیادا ئەستێرە ڕژاوەکانم کۆ کردنەوە. ل ٢٩ ژوانی ڕووناکی.

من وەک سەگێکی بەر چۆڕاوگەی کۆڵانان\
مانای برسێتی و ستەمم زانی. ل ٥٥ ژ. ڕ.

ئێستا تەنیایت وەک قەرەجێ\
کە تەنیا لە گۆرانیدا شێوەی وڵاتی خۆی دیوە. ل ٣٩ ئاوێنە و سێبەر.

شەو وەک منداڵێک لەسەر باسکم پاڵکەوتووە. ل ٢٤ ژ. ڕ.

بە زمانی ڕەوان، کورتی و چڕی، وێنەگرتن، شێوازێکی سادە، یەکێتیی بونیاد، خەیاڵی بەپیت، موسیکی ناوەوە و پێکەوە گونجاندنی هەموو ئەوانە، لەو وشە ئاسان و ئاساییانە، شیعر بە هەموو مانای وشەکە پێک هاتووە. ڕەفیق سابیر نەک هەر شتی نوێی گوتووە، بەڵکو بە زمانێکی نوێ گوتوونی و سنووری زمانی هاوبەشی بەزاندووە و لە گوتنی باوی تێپەڕاندووە.

شیعر لای وۆردزۆرت: نووسینەوەی هێمنانەی هەڵچوونە، بەڵام لای ئەلیەت: هەڵچوون نییە، هەڵاتنە لێی. لای ڕەفیق سابیریش بە تایبەتی لە گەلێ لە کارە نوێیەکانیدا، شیعر بریتییە لە بەرجەستەکردنی: نامۆیی، وەجد، دڵەڕاوکێی میتافیزیکییانە، بەشتبوونی ئینسان، هەرەسی شتی ماقووڵ، کەڵکەڵەی سوریالییانە، وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و خوڵقاندنی ڕابردوویەکی بڵێسەدار، وێنەگرتنی ئەو ساتەوەختانەی کە هەڵدێن و دووبارە نابنەوە و لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە گەڕان لە دووی خودی

بزربوو.

ئایا شیعر که پۆشاکی پەخشانی پۆشی، به زیندوویی دەمێنێتەوە؟ ئایا هەموو کەسێک ئەوەی لەباردایە یاسای دێرینی شیعر تێکبشکێنێت، یان ئەوە تەنیا کاری شاعیری مەزن و بلیمەتە؟ ئاخۆ شیعر تەنیا لەو شوێنەیە کە کێش و سەروای لێیە؟ ئایا وێنەی شیعریی قەرەبووی کێش دەداتەوە؟ ئایا ڤالێری گوتەنی: شیعر سەمایە و پەخشانیش ڕۆیشتن؟

شیعری نوێ گرنگیی به واتا دەدا نەک دەنگ، بە دێڕ نەک کێش، پشت بە یەکێتی ئۆرگانی دەبەستێ نەک بەیت.(٩) هۆنراوەی دێرین گەلێ جار لەبەر ڕاگرتنی کێش و سەروا وەک خانمێکی گۆشتنی لێ دێت، نموونەی باڵای شیعری نوێ کیژێکە بەژن زراڤ و ناوقەد باریک.

لە هۆنراوەی نوێدا، من: دەشێت شاعیر، قارەمانی دەق یان بەشێکی زۆری خەڵکی دنیا بێت، یان دەگونجێت، من بوونی نەبێت و چاو جێی بگرێتەوە. کەمال ئەبودیب دەڵێت: (منی جاران شایەت، قارەمان، داهێنەر و پێغەمبەر بوو، (من)ی ئێستا تەنیایەکی دابڕاوی، تێکشکاوی هەڵچووە.) ڕۆڵان بارت دەبێژێت: (کە نووسەر بە من دێتەگۆ و دەنووسێت، ئەو منە منێکی ساختەیە، منێکە لە کاغەز. ئەوی دەپەیڤێت زمانە نەک نووسەر، بۆیە کە دەقێک دەخوێنیتەوە، بیر لە نووسەرەکەی مەکەوە،) بەڵام نە خوا بە نیچە هاتە کوشتن و نە ئینسانیش ـ نووسەر یان شاعیر ـ بە بارت لە نێو دەچێت. منی ڕاستەقینەی شاعیر ئەستێرەیەکە بە ئاسمانی هەموو دەقێکەوە گەش گەش دەدرەوشێتەوە.

خوازە

لە (شەوچرا)دا (ل ٧٥ ژوانی ڕووناکی) ڕەفیق سابیر بە خەیاڵێکی بەپیت جیهانێکی ئەفسووناوی خوڵقاندووە، دنیایەکی سەراپا شیعری. سەرچڵانە زمانی بەگەڕ خستووە و گەلێ خوازەی نزهخکصقمز نوێی داهێناوە: خەونی خوناو، نەمامی هەتاو، گوڵووکی ڕووناکی، شەپۆلی ئاوێنە و تاڤگەی خۆرەتاو. لە شەوچرادا هیچ شتێ لە گۆڕێدا نییە بە شیعر نامۆ بێت، هیچ خڵتەیە کانیاوی شیعرەکەی لێڵ نەکردووە، هەموو شتێک لە ڕاژەی بەرەو لوتکە بردنی شیعردایە، ئەگەر مۆسیک خوێنی شیعر بێ، ئەوا لە شەوچرادا مۆسیک کیژێکە خوێنی هێندە گەرمە، قوڵپ دەدا. شەوچرا ئەوەندە خۆڕسک و سروشتییانە سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات، دەڵێیت خونچەیە دەپشکوێت، کە دەگاتە کۆتاییش دەڵێیت مانگە ئاوا دەبێت و یەکێکە لەو شیعرانەی ڕیلکە گوتەنی: ئەگەر شاعیر نەینووسیبا لەوانەبوو مردبا. شەوچرا لە دەرگای سیاسەت، ئایدۆلۆژیا و داستانیشی داوە، بەڵام هەموو ئەو کەرەسانەی لە هەناوی خۆیدا حەشار داوە:

بۆ ڕۆخی ڕووبارێک مل دەنێین

تریفە و ئەستێرە لە ناویا خۆ دەشۆن. ( شەوچرا )

ئەوی سەرنجی ئەم ڕستەیە بدات، بە ئاسانی هەست بە جیاوازیی نێوان زمانی ئاسایی و زمانی شیعریی دەکات.

هۆنراوەیەک بۆ دایکم (ل ٢٩ دیوانی ڕ. س) یەکێکی دیکەیە لە شیعرە باڵابەرزەکانی ڕەفیق. بەشێک لە هەوێنی هێزی هۆنراوەکە لەوەوە هاتووە کە زۆر لە زمانی ڕۆژانە دوور نەکەوتووەتەوە، ئاخر شیعری مەزن

هەمیشە بەرهەمی دەربڕینی ئاسان، وشەی ساکار و زمانێکی ڕەوانە. لەم شیعرەدا زمان وەک ڤالێری دەڵێت هۆیە و ئامانجیشە. ڕەفیق بە چرای خۆشەویستیی دایکی ژیان ڕووناک دەکاتەوە، یەکێتی نێوان ژیانی ڕاستەقینە و گوتار بەرجەستە دەکات، دیوی ناوەوەی هەست و نەستی ئینسانییانەی خۆی دەداتە بەر تریفەی مانگ و تامێک بەم ژیانە دەدات. شیعری ڕاستگۆ ئاوێنەیەکی ئەفسووناوییە خولیا و خەونی شاعیر نیشان دەدات، ئەوی دەیەوێت ڕەفیقی ڕاستەقینە بناسێت و ڕۆحی وی بە ڕووت و قووتی ببینێت، با لەو شیعرەی ڕابمێنێت کە بۆ دایکی نووسیوە.

زمان هەوێنی جوانیی شیعر و پۆشاکی ڕۆحی شاعیرە، هەر زمانیشە شاعیر دەخولقێنێت نەک بە پێچەوانەوە. زمانی شیعریی تەنیا کەرەسەی دەربڕین نییە، کەرەسەی خوڵقاندنیشە، بۆیە کرۆکی شیعر بریتییە لە شێوازی گوتنی و لە دەربڕینی سەیردا خۆی دەنوێنێت. گوتەی شیعریی و ناشیعریی بوونیان نییە، شیعر زادەی وشە نییە، زادەی پێوەندیی نێوان وشەکانە. هەموو وشەیەک شیعرییە ئەگەر لە شوێنی شیاوی خۆیدا جیێ بۆ کرایەوە،(١٠) گرنگ تەبایی و هاوئاهەنگی نێوان وشەکانە.

ئەدەب وەک ڤالێری دەڵێت: (چۆنێتی بەکارهێنان و بەگەڕخستنی زمانە.) شاعیر دەبێت لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا سەرکێش و سەرەڕۆ بێت، دەبێت بە زمانێکی چاوەڕێنەکراو خوێنەر تووشی سەرسووڕمان بکات. بۆدلێر دەڵێت:

قژت بەسەر شان و ملتا

بڵاو بووەتەوە وەکوو

شەپۆلی بێکاری بە ناو فەرەنسادا.

مەبەست لەو زمانە، نە زمانێکی داتاشراوە، نە داهێنانی وشەی نوێیە، مەبەست داهێنانی پێوەندیی نوێیە لە نێوان وشە ئاساییەکاندا و مامەڵەکردنێکی ناباوە لەگەڵ زمانی باودا. سارتەر گوتەنی شاعیر لە ڕێی بەکارهێنانی خوازەوە (خزمەتی وشەکان دەکات،) یان وەک بۆدلێر دەڵێت: (قوڕی وشە دەکا بە زێڕی شیعر.) زمان بێ بەکارهێنانی خوازە نابێتە زمانێکی شیعریی. میرون دەڵێت:

دووریت بە ناخما ڕەتبووە

وەک داو بە کونی دەرزیدا.

خوێنەر چاوەڕێی دەرزی و داوی نەدەکرد، بۆیە تووشی حەپەسان دێت، داهێنانیش گوتنی شتی چاوەڕێنەکراوە، نەک گوتنەوەی شتی باو. شیعری جوان هەمیشە لە بواری زماندا سەرکێشیی تێدایە:

بەر لە بەڵێنی گوڵی تێپەڕاند.

ئەمە یەکێکە لە دێرە هەرە جوانەکانی شیعری فەرەنسایی، ئەگەر (مالیرب) بیگوتایە: (ساڵێکی هات بوو،) دەبووە قسەی ئاسایی.(١١) شیعر بە هۆی خوازەوە لە زمانی باو یاخی دەبێت و قەفەزی یاسای گوتن دەشکێنێ. خوازە کە جان کۆهن گوتەنی: (شیعر دەستنیشان دەکات،) لادانە لە زمانی هاوبەش و (هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی بیرکردنەوە و تێڕامان.)(١٢) خوازە کۆکردنەوەی ئەو شتانەیە کە هیچی هاوبەشیان لە نێواندا نییە و سیحری شیعر کۆیان دەکاتەوە، وەک:

گوێم لە گژوگیای پێکەنینتە. (ئێلوار)

خوازە شیعر لە ڕاستەوخۆیی دەپارێزێت، یان ڕاستتر لە هەناوی خوازەوە شیعر سەر هەڵدەدات:
کۆترەکان لەسەر ڕووبەرێکی هێمن دەڕۆییشتن.
ئەگەر ڤالێری لەبری کۆترەکان: کەشتییەکان و لە جێی ڕووبەرێکی هێمن: زەریای نووسیبا، ئەو دێڕە بە شیعریی نەدەمایەوە.(١٣) ڕەفیق دەڵێت:
وڵات تابووتێکە بە جەستەی شەکەتم تەنگە. (ل٧٥ ئاوێنە و سێبەر)
ئەگەر ڕاستەوخۆ گوتبای: (لە کوردستانیش هەست بە غەریبیی دەکەم،) ئیدی ڕستەکە دەبووە ئاخاوتنی سادە. کاری شاعیرە ناوی دیکە بۆ شتەکان بدۆزێتەوە، نەک یەکڕاست مەبەستی خۆی دەربڕێت:
لە دوورگەیەکی سارادا بە بۆشاییدا دەڕوانم. (ل٥٢ ژوانی ڕووناکی.) بە زمانی هاوبەش واتا: تەنیام.
خوازە ئەگەر تەبایی و گونجاندن بۆ دەق دابین نەکات، دەبێتە وڕێنە، وەک:
قەدی برژانگم باوەشی بۆ چەوساوان دەگرتەوە. (ل ٤١٩ دیوانی ڕەفیق سابیر.)
نیگاکانم لە گەڵ ڕشانەوەی دەستێکی لەرزۆکا
هاتنە دەرێ ، بە ناو درزی پەنجەیەکی بێ نینۆکا. (ل ٤٢٨ دیوانی ڕ .س)
لە ناو دووربینی لقی برژانگتا. (ل ٤٤٤ دیوانی ڕ.)
برژانگی جریوەی ئەستێرەی ئاسمان. (ل ٤٥٠ دیوانی ..)
شەپۆلی دەریای ئاوازی کەمان و شمشاڵی گەرووت. (ل ٤٥٧ دیوان ...)
کاتێ خەو بزماری ئەژنۆی
لە قەراخی پێڵووەکانما ئەچەقێنێ. (ل ٤٦١ دیوا ....)
لە بەهاری ١٩٧٠ دا بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی بە ناوی (ڕوانگە)وە سەری هەڵدا، ئەم شێوازی دەربڕینە بەرهەمی لایەنی تاریکی ئەو ڕێبازەیە.
دەمامک و ڕەمز
پەنابردنە بەر دەمامک ڂڂڟ ڕێگایەکی لەبارە بۆ سوودوەرگرتن لە دەقێکی دێرین و تەکنیکێکی سەرکەوتووە بۆ خۆ دوورخستنەوە لە ڕاستەوخۆیی و خۆپاراستن لە دەقی ڕۆمانسییانەی کرچوکاڵ و هەرزەکارانە. پشتبەستن بە دەمامک ڕەنگدانەوەی نامۆیی شاعیرە بەو جیهانەی هایدگەر گوتەنی: (نە خۆی خوڵقاندوویەتی و نە خۆی هەڵیبژاردووە،) یان سەفەرێکە شاعیر بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی و ئاشکرانەبوونی دەیگرێتە بەر.(١٤)
قارەمانی سەرەکیی هەموو کارێکی ئەدەبیی گێڕەرەوەیە، ئەو خۆی هەموو شتێکی دیوە و خۆی چۆنی دەوێت، وەهاشی دەگێڕێتەوە و هەر خۆشی بڕیار لەسەر هەموو شتێک دەدات. گێڕەرەوە: دەمامکێکە خاوەنی دەقەکە خۆی لە پشتییەوە دەشارێتەوە، گێڕەرەوە: شاعیر خۆیەتی.
ڕەفیق سابیر کە لە هۆنراوەی: (حەسرەتەکانی ئۆدیسادا، ل ٩٤ ژوانی ڕووناکی) ڕووخساری ئۆدیسا دەکاتە دەمامکی خۆی، لەم ڕێیەوە دەیەوێت هەست، خولیا، فیکر و تێڕوانینی خۆی دەربڕێت. لە ڕێی بەسەرهاتی ئۆدیساوە ئەزموونی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە و قسەی دڵی خۆی دێنێتە سەر زاری وی. لە دیوی دەرەوەی دەقەکەوە ئۆدیسا دیارە، بەڵام لە هەناویدا ڕەفیق دەبینین.

ژنە ئازیزەکەم پێنێلۆپێ
بیرم نایە لە کەیەوە بەجێم هێشتوویت. ل ٥٠ ژ. ڕ.
لە داستانە شیعرییەکەی ظكقن هۆمیرۆس دا پێنێلۆپێ ژنی ئۆدیسایە، لەم شیعرەدا نیشتمانە. لە ئەزموونی ژیانی ئۆدیسا و ڕەفیقدا شتی هاوبەش زۆرن، وەک: دابڕان لە ئازیزان، شەڕ، لەدەستدانی هاوڕێیان، ئومێدی گەڕانەوە و لە سەروو هەموویانەوە نامۆیی بە گشت ڕەهەندەکانییەوە. ڕەفیق گەرچی وەک ڕووکەش بە بەکارهێنانی دەمامکی ئۆدیسا ڕووخساری خۆی شاردووەتەوە، بەڵام لە ڕێی مەنەلۆجی دراممییەوە قسەی دەروونی خۆی خستووەتە ڕوو.
سەییاب نیو سەدەیەک لەمەوبەر لە هۆنراوەی (المعبد الغريق)دا ئۆدیسای تەنیا وەک ڕەمزی إ□غدقغز نامۆیی و سەرچڵی بەکار نەهێناوە، لای ئەو تەنیا زەریاوانێکی سەرەڕۆ نییە کە ژنێکی چاوەڕوانی بەجێ هێشتبێت، بەڵکوو ڕەهەندی ڕزگارکەریشی پێ بەخشیوە.(١٥)
لە شیعری ڕەفیق سابیردا دوو جەمسەرەکەی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دراما، بریتین لە خودی شاعیر و واقیعی دژوار. ئەو بۆ بە دراماکردنی شیعر هەندێک جار هانای بۆ ڕەمز، ئەفسانە و داستان بردووە، بەڵام لە بری ئەوەی لایەنی تازەیان تێدا بدۆزێتەوە، بە مەستی نوێ بیانخاتە گەڕ و سەرلەنوێ دایانبڕێژێتەوە، بە گورجی بە لایاندا ڕەتبووە. لە شیعری عەرەبیدا لە (سروودی باران)ی (سەییاب)ەوە، مامەڵەکردنێکی نوێ لەگەڵ ئەفسانە و داستان و ڕەمزدا سەری هەڵدا. بلند حەیدەری لە (گۆرانییەکانی شارە مردووەکەدا) چەند جارێ دەگەڕێتەوە سەر پرۆمیتیۆس، وەک:
بۆ خەڵکیم جێ بهێڵە
بۆ ئەو داڵەی سنگم هەڵدەکۆڵێت.
بە پێی میتۆلۆژیای گریک پرۆمیتیۆس چونکە ئاگری بۆ خەڵک دزی، بە فەرمانی زیۆس لە تاوێر بەسترایەوە و ڕۆژانە داڵێک دەهات جگەری دەخوارد، بەڵام جگەری هەمیشە سەرلەنوێ دروست دەبووەوە، دواجار هیراکلیتسی قارەمان داڵەکەی بە تیر کوشت. ڕەفیق چونکە بە قووڵی مامەڵەی لەگەڵ ئەم ئەفسانەیەدا نەکردووە، هیچی نوێی لێ نەڕسکاوە:
ڕەوە داڵێ دەورم دەگرێ. (ل ١٨ وەرزە بەردینە)
لە تاوێرم مەبەستەوە، ڕەوەداڵم پێ تێر نابێ. (ل ٤٦ دیوان)
سەرنجێکی خێرای دیوی دەرەوەی سیزیف، ئادەم و حەوا و تۆفانی نووحیشی داوە:
تاکەی بە کپی تاوێری ئەم برینانەت هەڵدەگری؟ (ل ٢٠٣ دیوان)
هەست بە ڕووتێتی خۆم دەکەم،
ئارەقەی شەرم دەڕێژم
دەمەوێ بە دەستەکانم خۆم داپۆشم. (ل ١٩ وەرزە)
وێنەی ئەم تۆفانەکۆچە
لە کام پەڕەی زەردهەڵگەڕاوی مێژوودا بخوێنمەوە؟ (ل ٣٥ وەرزە)
مارکس دەڵێت: (میتۆلۆژیا بە هۆی خەیاڵەوە هەوڵی دەستەمۆکردنی هێزە سروشتییەکان دەدا.)

شاعیریش هەر هەمان ڕێگای لە بەرە، ئەویش بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەفسانە، پێویستی بە خەیاڵی دەوڵەمەند و بەپێزە.

گەمە بە وشە

نالی بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر

بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە.

شیعر دەربڕینێکە خەیالاوی، هەستی خوێنەر لە ناو باخی چێژدا بەند دەکات. ئەوە وشەی جوان بوو مەرگی شەهرەزادی دواخست، ئەوە دەربڕینی جوانە نالیی بە نەمریی هێشتووەتەوە. پاشەڕۆژی شیعر بە چۆنێتی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ زماندا بەندە و ئەوە زمانی نوێیە بە نەمریی دەمێنێتەوە. نوێکردنەوە بە پلەی یەکەم، ڕوو بە ڕوو بوونەوەیە لەگەڵ زماندا و مەبەستی نوێ بە زمانی دێرین ناگوترێت. شیعری نوێ بۆ پێوەندیی هێشتنەوە بە خوێنەرەوە، بتی زمانی کۆن ناپەرستێت و زمانێکی نوێ دەبینێتەوە. ئەوەی توانای بەسەر زماندا نەشکێ و بوێرانە بە داهێنانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکات و سەرچاوەی تازەی تێدا نەتەقێنێتەوە، ناتوانێت شیعری نوێ بنووسێت.

من سەفەرم لە وەستاندا

دەروشانەوەی هەقیقەت لە گوماندا. (ل ٢٣ ژوانی ڕووناکی)

لە ناخی بەستەڵەکدا خۆمم گەرم دەکردەوە. (ل ٢٥ ژ. ڕ.)

من چرایەکی تاریک و پشکۆیەکی سەهۆڵینم. (ل ٣٢ ژ. ڕ.)

پارا: دژ، دۆکسا: بۆچوون، پارادۆکس: بە مانای دژایەتیکردنی ڕای باو دێت، گوتنێکە دژی بۆچوونی سەروەر و خوێنەر تووشی تاس و حەپەسان دەکات. بروکس پێی وایە شیعر: (زمانی ناکۆکییە.) وێنەی ناکۆک و ناتەبا کە ئێستاش شاعیران پەنای بۆ دەبەن، (ڕەنگدانەوەی نامۆبوونە بە مانای دوورکەوتنەوەی تاکەکان لەیەکدی، نەک غەریبیی ـ دوورکەوتنەوەی جوگرافیایی ـ) دیاردەیەکی دێرینە، نالی (١٨٠٠ ـ ١٨٥٦) دەڵێت:

حەرەکاتم سەکەنات و سەکەناتم حەرەکات

چوستە سستی ، قەوییە زەعیف و سەریعە کەسەلم.

بۆدلێر (١٨٢١ ـ ١٨٦٧) دەڵێت:

من برین و چەقۆم،

شەپازلە و ڕوومەتم،

قوربانی و جەللادم.

شاعیر لە هەناوی زمانی باودا زمانێکی دیکە دادەهێنێت. دەقی شیعریی با باس لە مەزنترین کارەساتی ئینسانییش بکات، هەر زادەی یاریکردنێکی ئەفسووناوییە لەگەڵ زمان. شاعیر مامۆستای ڕاستەقینەی زمانە و گەمە بە وشە دەکات، بۆیە ئەگەر هەڵەی زمانەوانی کرد، با بە ئومێدی لێبوردنی خوێنەر نەبێت:

وەک دوو لاشە و گیانێک دەژیاین. (ل ٢٠٨ دیوانی ڕ . س)

بەسەر لاشەی مردووماندا. (ل٤٠٢ دیوانی ڕ.)

بارانی لاشەی زامدارم. (ل ٤١٩ دیوانی ..)

لاشەی ساوات ... دەخنکێن. (ل ٤٤١ دیوانی..)

لەگەڵ لاشەی ڕێبواری شەکەتبووی سوورم. (ل ٤٥٠)

بەم نموونانەدا ئەوە دەردەکەوێت ڕەفیق سابیر جیاوازیی لە نێوان لەش و لاشە دا ناکات. لەش: تەن، بەدەن، جەستەیە لە دۆخی ژیاندا، لاشە: تەرمە، مەیتە، جەستەی بێ گیانە.

لە ناو گژەبایە (بەفرینییەکەدا) حەشارم دە. (ل ٢٢٦)

لە دەموچاوە (بەردینییەکان) مۆڕ دەبوویتەوە. (ل ٣٣٦)

بەفر: ناوێکی سادەیە، بە هۆی پاشگری ( ین)ەوە دەبێتە ئاوەڵناو. بەفر ـ بەفرین، بەرد ـ بەردین. کورد: ناوێکی سادەیە، بە هۆی پاشگری (ی)ەوە دەبێتە ئاوەڵناو. کورد ـ کوردی، هەولێر ـ هەولێری.(١٦) بەفرینی و بەردینی ڕەفیق خۆی دایڕشتوون، یان ڕاستتر: دایتاشیون. شاعیری نوێخواز کە لە بواری زمانی هاوبەشدا سەرکێشی دەکات، ڕێزمان ناشێوێنێت، ڕێزی لێ دەگرێت، گوتەی نوێ داناتاشێت، شێوازی گوتنی نوێ دادەهێنێت.

ئەم (کەژ و کێوانە)

لە ناو تێزاب و بارووتدا ونکراوە. (ل ٣٨٣)

ونکراون، ڕاستە، بکەر (کەژ و کێوان) کۆیە، دەبێ کرداریش کۆ بێت. ئەوا (پشکۆی) ئێسقانەکانت (بوون) بە خۆڵەمێش. (ل ٣٨٧)

(بوو) ڕاستە، بکەر (پشکۆ) تاکە، دەبێت کرداریش تاک بێت.

چ هەڵدێر و وەرچەرخانێکی مێژوویيە. (ل ١٥٣)

بە زەبری شەق دەمکات بە:

چەتە، گۆڕهەڵکەن، حوشترخۆرکە، زێوان، یاخی، کەنناس، ئاژاوەچی، تورکی کێوی، حەمباڵ، پیاوکۆژ، گورگ ... هتد. (ل ١٩١)

شارستانی جەنگەڵ، ئیمپریالیزم، تۆرانیزم، عرووبە، پانئێرانیزم، پەترۆدۆلار، گوللەباران کە. (ل ١٩٧)

لە بەر چاوی دۆست و دوژمن ڕیسوای کردین. (ل ٢٠٠)

ئەمە زمانی شیعر، پەخشانەشیعر و پەخشانی هونەری نییە، زمانی سەرگوتاری ڕۆژنامەیە. لە زمانی کارگێڕی حیزبێک دەچێت نەک لە زمانی شاعیرێکی نوێخواز. شاعیر دەتوانێت باس لە هەموو مەسەلەیەک بکات، بەڵام بە شێوازێکی شاعیرانە نەک وەک ڕۆژنامەنووس. ڕەفیق لە گەلێ جێی دیکەشدا خاوەنی گوتاری خۆی نییە، پەیامی لایەنێک دەگەیێنێت و بە ناوی ئایدۆلۆژیایەکەوە دەپەیڤێت، ئەمەش چونکە کاری شاعیر نییە، کەمتر شیعری لێ پەیدا دەبێت.

زامەکانم ڕەنگ دەڕێژن بەسەر دۆڵا

بەسەر لاشەی زەمینێکی پڕ لە خۆڵا

تەمەنی ساوام دەنێژن

لە باوەشی کیشوەرێکی ونی چۆڵا . (ل ٤٢٥)

گەردەلوولی / پڕ ئەیلوولی. (ل ٤١٣)
لە ناو گەرووی / پڕ لە زەرووی (ل ٤٤٧)
دەفەی سنگی / شەوەزەنگی. (ل ٤٤٨)
خۆڵەمێشی / پڕ لە ئێشی (ل ٤٥٠)
وشەکانی کۆتایی دێڕەکان هیچ کۆیان ناکاتەوە، ئەوە نەبێ کە هاوسەروان. سەرواش لە پێناوی سەروادا، لەمێژە لە ئەورووپا وەک کەرەسەیەکی قۆشمە و هەوێنی پێکەنین دەخرێتە گەڕ.
سەرلەنوێ نووسینەوە
هەموو دەقێک ڕووداوێکە لە کاتشوێنێکی دیاریکراودا ڕوودەدات و وەک هەر ڕووداوێکی مێژووی دووبارە نابێتەوە. شاعیر کەسێکە بە ئازادییەکی سنووردارەوە دەقە دێرینەکان دووپات دەکاتەوە.(١٧) لە ئەدەبدا دزی بریتییە لە لاساییکردنەوە، بێ ئاماژەکردن بۆ دەقی لاساییکراوە. دزیی ئەدەبی ئەگەر لە بواری ناوەڕۆک و ماناندا بێت، خوێنەری ئاسایی خۆی هەستی پێ دەکات، بەڵام ئەگەر شێوازی دەربڕین بگرێتەوە، کاری ڕەخنەگرە سەرنجی خوێنەری بۆ ڕابکێشێت.
دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانەی ڕەفیق هانای بۆ بردوون، بە مەبەستی ئاشکراکردنی دزی نییە، بەڵکوو بۆ دیاریکردنی چۆنێتی پێوەندیی شاعیرە بە سەرچاوەکانییەوە، بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەیە ئەویان بەو ژێدەرانەوە گرێ داوە، بۆ زانینی چۆنێتی سەرلەنوێ نووسینەوە و ققفمزجمزلاهوخع دووبارە بەگەڕخستنەوەی ئەو دەقانەیە کە سوودی لێ وەرگرتوون.
سەعدی یوسف لە هۆنراوەی (البستانی) دا دەڵێت:
منذ ان کان طفلا تعلم سر المطر. (١٨) واتا: بە منداڵی فێری نهێنی باران بوو.
ڕەفیق لە (ئەم مرۆڤە)دا دەنووسێت:
بە منداڵی دڵی بە هاژەی چەمەکان دەکرایەوە،
فێربوو دڵی بۆ ئەو بارانە لێ بدات ... (ل٣٢٣ دیوانی ڕ. س)
شێوازی دەربڕین لەم دوو شیعرەدا هاوبەشن. قارەمان لە هەردووکیاندا کەسی سێیەمی تاکە، ئەمەیش بۆ ١٩٧٦( ساڵی لەدایکبوونی ئەم دوو شیعرە) تەکنیکێکی نوێ بوو.
لونک لون ألماء. ـ ئەدونیس ـ
ڕەنگت لە ڕەنگی ئاو ئەچێت. ـ محەمەد حەمەباقی ـ (١٩)
چۆن دەتوانی لە ئاو بچی؟ ـ ڕەفیق ـ ( ل٣٤ دیوانی ..)
وطنی لیس حقیبە و أنا لست مسافر. ـ مەحموود دەرویش ـ واتا: نە وڵاتەکەم جانتایە و نە من ڕێبوار.
وڵات شرە جانتا بوو. ـ ڕەفیق ـ ( ل٥٠ دیوانی ..)
یان:
وڵاتەکەم لە ناو شرە بوخچەیەکدا دەپێچمەوە. ـ ڕەفیق ـ ( ل ٥٤ دیوانی..)
شنەی سێبەری داری گوێز و توو
ئەسرێ ئارەقی ڕێبواری ماندوو. ـ گۆران ـ

ئارەقی سەر ڕووی کام ڕووباری ماندوو دەسڕێ. ـ ڕەفیق ـ ( ل ٣٩٨)
شیعرێکی بەناوبانگی (سوارە) هەیە، ناوی (خەوە بەردینە)یە، ڕەفیق دەڵێت:
بە باڵی خەونەکان
زەمەنە بەردینە و خۆڵستان جێ دێڵین. (٧٦ ژ. ڕ.) یان دەڵێ:
لەم هەرێمە بەردینەدا (ل ١٠٠ دیوان)
کۆمەڵە شیعرێکی خۆشی ناو ناوە: وەرزە بەردینە.
بەدووەکانن بە زەبری شمشێر خزاونە ئاواییەوە. ـ سەعدی یوسف ـ
بەدووەکانن ... لەم ناوە تەراتێن دەکەن. ـ ڕەفیق ـ ( ل١٣٣)
وەک دوو هێڵی شەمەندەفەر
وەهاین هەردوو بە یەک ناگەین. ـ شێرکۆ بێکەس ـ (٢٠)
وەک دوو کەناری بەرامبەر یەکین ...
دەڵێی دوو هێڵی پەرەلێلین. ـ ڕەفیق ـ ( ل ٧٩ ژ. ڕ.)
شیرینیش وەک چەپکێ هەتاو
کە دەیگری نایەتە دەست،
کاتێ بەرەڵاشی دەکەی
لە بەری دەست نابێتەوە. ـ سامی شۆڕش ـ
تۆ و هەتاو هیچتان بە چنگ ناگیرێن. ـ محەمەد حەمەباقی ـ (٢١)
تۆ وەک ڕووناکیت ناتوانم بتگرم. ـ ڕەفیق ـ ( ل ٨٢ ژ. ڕ.)
گریاوی ژانێکم کە ژانی من نییە ـ ئەحمەد شاملوو ـ (٢٢)
بە ئاگری گوناهێک دەسووتێم
گوناهی من نییە. ـ ڕەفیق ـ (ل ١٧ ئاوێنە و سێبەر)
دانیشتووی خاکێکم کە خاکی من نییە. ـ شاملو ـ (٢٣)
بە وڵاتێکدا ڕادەکەین کە وڵاتی ئێمە نییە. ـ ڕەفیق ـ ( ل ١٠٩ کاروانسەرا)
چ سارایەکە ڕۆح! ـ ڕەفیق ـ ( ل ٥١ژ. ڕ.)
بیابانی ڕۆح. ـ ڕەفیق ـ (ل ٢٣٢ دیوانی ..)

(قاتوقڕیی ڕۆح و چۆڵەوانی ڕۆح) گەلێ جار لە شیعری (ئەلیەت)دا بەرچاو دەکەون، شێرکۆ بێکەس ئەم دەربڕینەی لەو خواستووە، کاتێ گوتوویەتی: (لەم چۆڵەوانی ڕۆحەدا،)( ٢٤) ئاخۆ ڕەفیق لە شێرکۆی خواستووە یان لە ئەلیەت؟ (پیاوانی پووت) دەربڕینێکی شەکسپیرە لە ـ یۆلیۆس تزار ـ دا، شێرکۆ لە (داستانی هەڵۆی سوور) و (٢٥) ڕەفیق لە ل١٣ی دیوانەکەیدا هانای بۆ بردووە.

دە ئەی دەروێش سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە. ـ گۆران ـ

ڕەفیقیش دەڵێ: بۆ هیچیان سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم ناکەن؟ ڕەفیق ناوی گۆرانی نەهێناوە، بەڵام دەربڕینەکەی ئەوی لە نێوان کەواندا نووسیوە، ئەگەر ئاماژەی بۆ شیعری دەروێش عەبدوڵڵای گۆران

کردبا، ئەم سوود لێ وەرگرتنە دەکەوتە خانەی تێهەڵکێش کردنەوە. ـ تضمین ـ
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش. ـ گۆران ـ
ئەمە تاتەشۆرە یان سیمای عومرێکی بابردوو؟ ـ ڕەفیق ـ (ل ٢٦ ئاوێنە و سێبەر)
وەکوو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن . ـ گۆران ـ
چڵەگیایەکم لەسەر تاوێرێکی نوستوو ڕواوم. ـ ڕەفیق ـ (ل ٢٨ ئاوێنە و سێبەر)
خوێنەر سەرپشکە ئەم لێکچوونانە لە ژێر ڕەشماڵی: کاریگەرێتیی، لێوەرگرتن، سەرلەنوێ نووسینەوە، (دەقئاوێزان) یان شوێن پێ کەوتندا جێ دەکاتەوە، بەڵام پێویستە ئەوە بگوترێت کە هەموو شاعیرێک وێنە و دەربڕینی شاعیرانی دیکەی لا بەجێ دەمێنێت و دەشێت لە نائاگاییەوە لە بەرهەمیدا سەر هەڵبدەنەوە. ئەدمۆن وڵسن دەڵێت: (ئەلیەت لە ‹وێرانە خاک›دا لای کەم سی و پێنج جار سوودی لە نووسەران و شاعیرانی دیکە بینیوە و زۆر جار جوانترین دێڕە شیعری بەرهەمی خۆی نییە.)(٢٦)
خۆ دووبارەکردنەوە
شیعری نوێ پارووێکی نەرم نییە، خوێنەر بە ئاسانی قووتی بدات، ئەوی دەخوازێت لێی نزیک ببێتەوە، دەبێت خۆی ماندوو بکات. شیعری نوێ تا سادە بێت، نووسینی دژوارترە. ئەو شێوازە سادەیە بەرهەمی: کورتی و چڕی، وێنەی هونەری، یەکێتی بونیاد، فرەدەنگی، تەکنیکی شانۆ (مەنەلۆگی درامایی، دیالۆگ و دەمامک) و هونەری سینەما (چاوی کامێرا و مۆنتاژ: بڕین و بنیاتنانی شیعر لە ڕێی کۆمەڵێک دیمەنەوە) و زمانێکی نوێیە. زمانی نوێ گەشەدان نییە بە زمانی کۆن، داهێنانی زمانێکی دیکەیە، کە شاعیر بە هۆیەوە بە ناخی بیرەوەرییەکانی خۆیدا ڕۆ دەچێت و مێژووی ژیانی هەڵدەکۆڵێت، تا دەگاتە سەرەتای منداڵێتی خۆی و ڕابردووی زیندوو دەکاتەوە و دەیهێنێتە قسە.
نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە، بە لەفزی کەم و بچووک.
شیعر بە گشتی گوتنی زۆرترین شتە بە کەمترین وشە. چڕکردنەوەی دەریایە مانایە لە کانیاوە ڕستەیەکدا، خەستکردنەوە و چڕکردنەوەی زمانە. ئاماژە بۆ کردنێکی بروسکەییە نەک شیکردنەوەیەکی درێژدادڕانە. شیعری نوێ: شیعری فلاشە، لە چاوتروکاندنێکدا مەبەست دەپێکێت. شیعری هایکۆی ژاپۆنییە، کە لە چەند دێڕێک پێکدێت و پشت بە ڕاتەکاندنی کۆتایی دەبەستێت.
ڕەفیق کەمتر دەست بە وشەوە گرتن، بە کورتی نووسین، بە چڕی دەربڕین ڕەچاو دەکات و دوای ئەزموونی چارەکە سەدەیەک شیعرنووسین هێشتا ئەو وشە و دێڕانەش دەنووسێت کە خوێنەری ئاسایی بە ئاسانی دەتوانێت تەواویان بکات، ئەمەش لەبەرچاونەگرتنی هۆشیاری و خەیاڵی خوێنەرە:
تەنیایت وەک شەهیدێکی بێ ناو
کە ژنەکەی بۆ نانی ژیان
جەستەی فریشتەییانەی خۆی دەفرۆشێت:
بە دزە مەسئوولێک،
بە وەزیرێک،

بە تاجیرێک،

بە ئەندامێکی پەرلەمان. (ل ٣٩ ئاوێنە و سێبەر)

بەشێک لە شیعری ڕەفیق بە هۆی ناوکار و درێژەپێدانەوە، لە گێڕانەوە و ڕاپۆرتنووسین نزیک دەبێتەوە، بەڵام خەوشی گەورەی ئەو دووبارەکردنەوەی خۆیەتی. لە بری ئەوەی بە وشەی کەم شتی زۆر بڵێت، دێت نەک هەر بە وشەی زۆر شتی کەم دەڵێت، بەڵکوو ئەو وشە زۆرانە چەندان جار دەڵێتەوە.

قامووسی شیعریی ڕەفیق هەژارە، کۆمەڵێک وشە و دەربڕینی دیاریکراوی لە بەردەستدایە، بە هەمان شێواز دەیانڵێت و دەیانڵێتەوە و خوێنەر چەندان جار بەرەو ڕووی هەمان دەربڕین دەکاتەوە. بیست و دوو ساڵە هەر بە (ئەوە) و (یان) پرسیار دەکات:

ئەوە بەفراوی کەژەکانە یان خوێنەکەی تۆیە؟ (١٩٧٦ ل٢٥ پشکۆکان دەگەشێنەوە)

ئەوە تەمە ... یان هەناسەی گەلەکەمە؟ (١٩٧٧ ل ٥٦ ڕێژنە)

ئەوە تەوژمی هالاوی خوێنە یان تەمومژە؟ (١٩٨٠ ل ٢٦٦ دیوانی ..)

ئەوە سروودی ڕابوونە یان خۆپیشاندانی ئاوە؟ (١٩٨٧ ل ٣٤ دیوانی ..)

ئەمە ڕێکەوتە یان چارەنووس؟ (١٩٩٦ ل ٢٤ ئاوێنە و سێبەر)

ئەمە ئەڤینە یان ونبوون؟ (١٩٩٧ ل ٢٩ ژوانی ڕووناکی)

با دیسان دەقەکان خۆیان بدوێن و شایەتی لەسەر خۆ دەبارەکردنەوەی ڕەفیق بدەن: (ئەو نموونانەی تەنیا لاپەڕەکانیان نووسراوە، لە دیوانەکەیەوە وەرگیراون.)

ئەم تەرمانە بە گەڵای خوناو داپۆشە. ل ٣٨

ئەم تەرمانە بە گەڵای باران داپۆشە. ل ٣٨

چ هەرەسێ داپپۆشێن. ل ٣٩

بروسکەیەک داپپۆشیم. ل ٤٠

بە پەنجەکانت خۆم دادەپۆشم. ل ٤٣

سێبەرەکەی بۆشاییەکان دادەپۆشێ. ل ٨٧

تەمومژ دایدەپۆشێ. ل ١٢٥

بە گۆرانی داپپۆشن. ل ١٢٥

خۆی بە سەراب و تینوێتی داپۆشیوە. ل ١٢٨

ڕووتین خۆمان بە گژوگیا دادەپۆشین. ل ١٣٠

پەڵە هەورێ ئەم هەرێمە دادەپۆشێ. ل ١٣١

بە مەرگی خۆم داتدەپۆشم. ل ١٦٠

بە ئامێزی داگیرساوم داتدەپۆشم. ل ١٦٠

بە گۆرانی داپپۆشن. ل ١٦١

ئێوارەیەک دامدەپۆشێ. ل ١٧٠

خۆم بە تەرزە دادەپۆشم. ل ١٦٨ و ١٩٣

من ڕووخسارم بە شەپۆلێک دادەپۆشم. ل ٢٠٠
خۆمان بە دامەنی مژ دادەپۆشین. ل٢٠٢
بە پەلکەزێڕینە و گزنگ دایانپۆشن. ل ٢٠٧
تەمێکی چڕ دایپۆشیوم. ل ٢٢٩ و ٢٣٢
سەرمامە بە گڕ دامپۆشە. ل ١٢ وەرزە بەردینە
خۆم بە سەرما دادەپۆشم. ل ١٧ وەرزە ..
شەو بە تریفە دادەپۆشم. ل ٩٣ ژوانی ڕووناکی

یەکێک لە تەکنیکەکانی شیعری نوێ دووبارەکردنەوەی سەرەتایە بۆ گەیشتن بە کۆتایی، یان لە ڕێی پاتەکردنەوەوە شاعیر دەیەوێت شیعرێک بنووسێت بازنەیی، کە وەک شەپۆل پەرە بسێنێت. هیچ کام لەم نموونانەی لەم بەشەدا بەسەرکراونەتەوە ناکەونە بواری ئەو دوو تەکنیکەوە. یەکێک لەو وشانەی ڕەفیق زۆری گوتوونەوە (ڕۆح)ە:

کێڵگەی ڕۆحم. ل ٣٢
ڕۆحم بوو بە مێرگی هەتاو. ل ٥٩
ڕۆحم بە جۆلانەی گەردوون. ل ١٠٠
ڕۆح بە جۆلانەی بروسکە.. ل ١٠٩
ڕۆحی چەپرەوم. ل ١١٨
ڕۆحی لە شەختەگیراوم. ل ١٦٧
ڕۆحی سەرەڕۆم. ل ١٧١
بالای ڕۆحم. ل ٢٢٥
ڕۆحی لافاوم. ل ٢٣١
ڕۆحیورووژاوم. ل ٢٣١
ڕۆحی هەڵوەدام. ل ١٠٤ کاروانسەرا
ڕۆحی سرک و بێ سێبەرم ....

ڤیسلاڤا شیمبۆرسکا دەڵێت: (کە شیعرێک دەنووسم، لێی دەگەڕێم لە چاوی مێزەکەمدا بنوێت، دوای ماوەیەک بە ئاگای دێنمەوە و سەرلەنوێ بە وردی دەیخوێنمەوە، ئەگەر لاواز و ساکار هاتە بەر چاوم، دەستبەجێ کۆتایی بە ژیانی دەهێنم.) بێ گومان ڕەفیق سابیریش کە شیعر دەنووسێت دواتر لێی ڕادەمێنێت، بەڵام ئاخۆ دەرک بەو خەوشی خۆ دووبارەکردنەوەیە ناکات، یان ئەوە بە لاوازیی نازانێت و بە ئاگاییەوە خۆی پاتە دەکاتەوە؟

با وشەی (لق)یش بێتە زمان: لقێ هەتاو. ل ٤٤ لقە گڕ. ل ١٢٠ لقە باران. ل١٣٥ و ١٥٦ لقە شەو. ل ١٧٦ لقە خەون. ل ١٧٨ لقی گڕ. ل ١٩٣ لقە هەتاو. ل ٣٠٢ چڵێک ڕووناکی. ل ٢٧ ژ. ڕ. دوو لقە ڕووناکی. ل ٢٧ ژ. ڕ چڵێک هەتاو. ل ٦٧ و ٩٣ ژ. ڕ.

یەکێکی دیکەش لەو دەربڕینانەی ڕەفیق زۆریان دەڵێتەوە (دەچوێنێ)یە:

به چنگێ خۆڵم دەچوێنی. ل ٩٩
ساتێ بە گەرداو بچوێنن. ل ١٨٥
خۆم بە بروسکە بچوێنم. ل ٢١٢
بە شێتم دەچوێنی. ل ٢٢٧
بە چیم دەچوێنی؟ ل ٢٢٩
بە خەون و خاکم دەچوێنێ. ل ٢٣٧
بە چیت بچوێنم؟ ل ٢٣٩
بە رۆح بچوێنە. ل ١٠٤ (کاروانسەرا)
بە سەرەڕۆیی و راستیم بچوێنە. ل ١٠٤ (کاروانسەرا)
بە جەستەم دەچواند. ل ٨٢ (ئاوێنە و سێبەر)
گەلێک دەربڕینی دیکە هێندە لە شیعری رەفیقدا گوتراونەتەوە، هەرچی جوانییان هەیە لە دەستیان داوە. بۆ ئەوەی خوێنەر بە نووسینەوەی هەموویان بێزار نەبێ لە هەر یەکێک لەوانە نموونەیەک دێنمەوە: (خاک رادەژێنێ ل٣١، بەم سووتانە بمنووسنەوە. ل ٣٥، بیابانی سوتوو. ل ٦٢، دیالۆگی جەستە. ل ٩٦، بروسکە دەکەم بە ئادگار. ل ٩٩، لە بوولێڵی یەقیندا. ل١٠٤، گەرووی بە گزنگ تەڕکەن. ل ١٥١، کێ تاوێری ئەم خەمانەی بە کۆڵتەوە گرێداوە؟ ل ٢١٩، لەناو وەرزی خۆڵبارینـدا ل ٢٩٣...)
شاعیر و ژن
ڕەفیق لە پێشەکیی دیوانەکەیدا (ل ١٣ و ١٦) دەڵێت: (هەر زوو بە شەوارەی پیاوانی پووت و ئاریلە کەوتین ... نامەکانی منیش کۆنترۆڵ دەکران و بەر لە من چاوانی کەسانێکی ئاریلە و مۆمیا و دووڕوو دەیانخوێندنەوە.) ڕەفیق دە ساڵ یان زێتر لە شار لە ناو حیزبدا کار دەکات، بەڵام کە دەچێتە شاخ ئەوسا هەست دەکات: (لای ـ حیزبی شیوعی عێراق ـ یش مرۆڤ هەر ئامرازێکە بۆ خزمەتی ئایدۆلۆژیا و خێڵ ـ حیزب. ل ١٦) لە چیا تێدەگا: (هاوڕێکانی: پووت، مۆمیاکراو، دووڕوو، سیخوڕ و ئاریلەن،) کەچی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا دە دوازدە ساڵی دیکەش لە مەنفا چالاکانە درێژە بە کاری حیزبی دەدات!
لەو جنێوانەدا کە ڕەفیق بە هاوڕێیانی خۆی داون، ئاریلە کە بە مانای ژنانی، یان: (پیاوی ژنانیلە ل ١٠٣ ژوانی ڕووناکی) دێت، زێتر جێی سەرنجە. ڕەفیق چارەکە سەدەیەک کۆمۆنیست بووە، کۆمۆنیستەکانیش بە ڕاستی هەڵگری ئاڵای یەکسانی نێوان ژن و پیاون، کەچی ئەو شاعیر و کۆمۆنیستە وەک خێڵەکییەک لە ناخیدا بژی، وشەی ژن وەک جنێو دەخاتە گەڕ، ئەگەرچی ژن هێندە پیرۆزە ئەوی عاشقی ببێت، تەنانەت ئەگەر وەک مەم بشمرێت، هەر شەهیدە و ئەوی ژنی خۆش نەوێت، ناتوانێت کەسی خۆش بوێت. ئەوینی ژن ئایینی شاعیرە، ژن ڕەمزە بۆ عەشقی خوایی و خوا تەنیا لە ئەوینی ژندا بەو پەڕی باڵایی خۆی نیشان دەدات.
شاعیر هێندە عاشقی ژنە تەنانەت کە باوەشی پێدا دەکات و ڕایدەمووسێت و توند توند بە خۆیەوە دەگوشێت، دڵی ئاو ناخواتەوە، چونکە دەیەوێت تەنیا لەشی نا، ڕۆحیشی لە ناو ڕۆحیدا بتوێتەوە. شاعیر ژن بە خولقێنراو نازانێت، بە خالقی دەزانێت، چونکە مامانی لەدایکبوونی شیعرێتی. شاعیر خوا لە ژندا

دەبینێت، پێی وایە ژن لە ئاسمانەوە هاتووە و تەنیا لە ڕێی ئەوینی ژنەوە دەتوانێت بەرەو لای خوا سەفەر بکات،(٢٧) کەچی ڕەفیق لە ژێر کاریگەریتیی کولتووری خێڵدا، هێندە سووک سەرنجی ژن دەدات، کە نیازی جنێودانی هەبێ پەنا بۆ ژنانی دەبا.

ڕەفیق سابیر بە ناوی (کامەران محەمەد)ەوە بە ناونیشانی (شاعیر و دەسەڵات) نووسینێکی سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس بڵاو کردەوە، گەلێ مشتومڕ هەڵدەگرێت، وەک:

* لەو نووسینەیدا کە بە ناوی خۆیەوە نییە، تاوانی ڕەشەکوژیی محەمەد حەللاق و یازدە هاوڕێیەکەی دەداتە پاڵ جەبار فەرمانی وەزیری جەنگی (ی. ن . ک )(٢٨) بەڵام بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە، چەندین جار دەنووسێت: (بەڕێز مامجەلال ..)(٢٩)

* شاعیر و دەسەڵات، چونکە ڕەنگدانەوەی شتی شەخسییە، ڕەفیق تەنانەت باس لە مەسەلەیەکی زۆر تایبەتیی وەک شووکردنەوەی دایکی ڕەخنەلێگیراویش دەکا. دایک چونکە ژنە، لای ڕەفیق کە ژنانی بە جنێو دەزانێت، یەکەمین خاڵی لاوازی شێرکۆیە.

* (شێرکۆ شاعیرێکی جنێوفرۆشە.) لای ڕەفیق ئەمە لایەنێکی لاوازی دیکەی شێرکۆیە، ئەگەرچی ئەمە بۆچوونێکی ڕاستە و شێرکۆ بێکەس بە شیعر و بە پەخشان سڵ لە جنێودان ناکاتەوە و هەر کەس ڕەخنەی بەجێی لێ گرتبێت، بە: (قەڵەمی سەرسەری و دەمپیسی)(٣٠) ناو بردووە و تەنانەت کە دێتە سەر بنەماڵەی بارزانی بە ڕاشکاوی ئەندامی نێرینەش دەخاتە ڕستەوە،(٣١) بەڵام ڕەفیق سابیر خۆشی ناوبەناو جنێو دەبەخشێتەوە، ئەوە نییە لە پێشەکی دیوانەکەیدا بە هاوڕێ دێرینەکانی دەڵێ: (دووڕوو، پووت، ئاریلە و سیخوڕ؟) ئەوە نییە بە فەرهاد شاکەلی دەبێژێت: (دەمشڕ، شەڕفرۆش و ئاستی کۆمەڵایەتی نزم؟)(٣٢) یان دەنووسێت: (لە کوردستان خودی ـ قەڵەمە خوێڕییەکان ـ زەمینەی سەرۆکی تاقانە دەڕەخسێنن؟)(٣٣) یان وەک چۆن شێرکۆ جنێوی لە بابەتی: (ڕەشتاڵە، دێز و حوشتری لەڕ) بە عەرەب دەدات، ڕەفیقیش بە شوێن پێی ئەودا جنێوی وەک: (پێپان، گەلۆر، چاوزەق، بۆر، حۆل و لچ شۆڕ،) بە عەرەب دەبێژێت. (ل ٢٠ وەرزرە بەردینە)

هەوڵێکی زڕ

لە هەردوو کۆمەڵەشیعری: (پشکۆکان ئەگەشێنەوە ١٩٧٦) و (ڕێژنە ١٩٧٩)دا ڕەفیق بە شانازی و ڕاشکاوییەوە جاڕی شیوعیبوونی خۆی دەدات و تا سەرەتای ساڵانی نەوەدیش هەر خاوەنی هەمان گوتارە. لە ناکاو وەرچەرخانێکی تیژ لە فیکریدا ڕوودەدات و ئەوپەڕی ڕاست لە ناسیۆنالیستەکان دەگرێت و ڕووی دەمی شیعری دەکاتە عەرەب و دەڵێت:

لە سروشتی ئینسانیتان بە گومانم،

لە هاوسێیی و هاوئایینیی و لە ناسینتان پەشیمانم. (ل٣٩ وەرزە بەردینە)

ساڵی ١٩٩٣ کە کۆمەڵەشیعرەکانی لە دیوانێکدا کۆ دەکاتەوە، دەیەوێت بە فووی لابردن و گۆڕینی چەند دێڕێک و هەندێ وشە، خۆری چارەکە سەدەیەکی ڕابردووی خۆی بکوژێنێتەوە، ئەم ڕەنجەی ئەگەر بەرهەمی بووبێت، تەنیا ئەوە بووە ڕاستگۆیی شاعیری لە بەردەم خوێنەردا خستۆتە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە.

ڕەفیق یەکەمین شیعری (ڕێژنە)ی بۆ: (شەهید <سەلام عادل>ی سکرتێری یەکەمی پارتیی کۆمۆنیستی عێراق کە لە ١٩٦٣ دا بە دەستی بەعسییە فاشستەکان شەهید کرا، ل٧ ڕێژنە) نووسیوە، بەڵام لە دیوانەکەیدا ( ل ٣٤٩) ئەو زانیارییانەی فەرامۆش کردووە. ڕەفیق شیعری پشکۆکان ئەگەشێنەوەشی هەر بۆ (شەهید سەلام عادل نووسیوە و ل ٢٣ پشکۆکان ئەگەشێنەوە) لە دیوانەکەیدا هەمدیسان ناوی ئەو شەهیدەی سڕیوەتەوە. لە ڕێژنەدا ( ل ١٤) دەڵێت:

لە ناو لوولەی تفەنگی دەستی پێشمەرگەی هەندرێنا

لە دیوانەکەیدا (ل ٣٨٤) دەیکات بە:

لە ناو لوولەی تفەنگی دەستی پێشمەرگەی
ئەزمڕ و سەری سەفین و هەندرێنا.

گرنگترین نەبەردێک کۆمۆنیستەکان لە بزووتنەوەی ئەیلوولدا تۆماریان کردبێت، داستانی هەندرێنە، ئەو شەڕە تەرازووی هێزی لە بەرژەوەندی بزووتنەوەکە گۆڕی و ڕژێمی بەغدای ناچاری وتووێژ کرد. ڕەفیق ئەو (ئەزمڕ و سەری سەفین)ەی بۆ شاردنەوەی ئەو داستانە و بێ بایەخکردنی ڕۆڵی کۆمۆنیستەکان زیاد کردووە.

لە پشکۆکان ئەگەشێنەوە (ل ١٦)دا دەڵێت:

تۆیش لە سێبەری حیزبدا
ئازاری گشت چەوساوەکانی سەر زەویت هەڵگرتووە.

لە دیوانەکەیدا (ل ٤١٢) دەیکات بە:

تۆیش ئازاری چەوساوەکانی سەر زەویت هەڵگرتووە.

لە پشکۆکان ئەگەشێنەوەدا (ل ١٨) دەڵێت:

حیزب چاوەکانتی فێر کرد، سووژنەکان بترسێنێ،
ژانەکانتی ڕاهێنا، جەللادەکان ببەزێنێ،
حیزب دەستەکانتی فێر کرد، سەری چەقۆکان ببڕێت.

لە دیوانەکەیدا (ل ٤١٣) دەیکات بە:

چاوەکانت سووژنەکان دەترسێنن،
ژانەکانت جەللادەکان دەبەزێنن،
دەستەکانت سەری چەقۆکان دەبڕن.

لە ڕێژنەدا شیعرێکی بۆ (شەهید - ئاوڕەحمانی خدر بانەیی - کە هاوڕێیەکی کرێکار بوو، لە ژێر ئەشکەنجەدا لە زیندانی ڕایات شەهید کرا، ل ١٨) نووسیوە، لە دیوانەکەیدا بێجگە لە ناوەکە هەموو زانیارییەکانی دیکەی بە وشەی شەهیدەکەیشەوە، فەرامۆش کردووە. لە ڕێژنەدا (ل ٥٠) دەڵێت:

بەڵام کاتێ لەبەر ڕێژنە و
لە ڕووی دەستڕێژا دەوەستین
جارێ تەنیا جارێ دەمرین، ئەی حیزبەکەم.

لە دیوانەکەیدا (ل ٣٤٢) ـ ئەی حیزبەکەم ـ ی سڕیوەتەوە.

نیشتمانەکەم هەر ئەو عەشقەشم لە لا پیرۆزە
مەزنیی حیزب و
شادیی و سەربەرزیی تۆی تیا دەبینم. ( ڕێژنە ٤٢ )

لە دیوانەکەدا (ل ٣٦٩) ـ مەزنیی حیزب ـ پشتگوێ خراوە.

ڕەفیق شیعرێکی بۆ (شاعیر و ڕۆژنامەنووسی بەحرێنی، شەهید سەعید عوێناتی کە لە ١٩٧٦ دا لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید کرا، ل ٣٤ ڕێژنە) نووسیوە، لە دیوانەکەیدا (ل ٣٤٥) شیعرەکە وەک خۆی ماوە، بەڵام ئەو زانیارییانە و ناوی سەعیدیشی فەرامۆش کردووە، تەنیا لەبەر ئەوەی ناوبراو کۆمۆنیست بوو.(٣٤) ڕەفیق لە ڕێژنەدا شیعری (سەردان)ی (بۆ خوارووی لوبنان نووسیوە، ل ٦٦) لە دیوانەکەیدا (ل ٣٧٠) خوارووی لوبنانەکەی سڕیوەتەوە. (گۆرانییەک بۆ هاوڕێ فەهد) ناوی یەکێکە لە شیعرەکانی ڕێژنە، (ل ٤٠) لە دیوانەکەیدا (ل ٣٧٣) ناوی ناوە: گەڕانەوە. لەو شیعرەیدا کاتی خۆی گوتوویەتی: (هەموو شەوێ هاوڕێ فەهد سەر بە ماڵی برسی و هەژاراندا دەکا.) لە دیوانەکەیدا کردوویە بە: (هەموو شەوێ هاوڕێیەکەم ... سەر بە ماڵی برسی و هەژاراندا دەکا.) لە ڕێژنەدا لە پەراوێزی هەمان شیعردا نووسیویتی: (فەهد دامەزرێنەر و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق ... لە شوباتی ١٩٤٩دا لە سێدارە درا.) لە دیوانەکەیدا ئەم تێبینییەی فەرامۆش کردووە. لە ڕێژنەدا (ل ٤٢) شیعرێکی هەیە بە ناونیشانی: گۆرانییەکی تر بۆ هاوڕێ فەهد، لە دیوانەکەیدا (ل ٣٦٩) کردوویە بە گۆرانییەک. ڕەفیق لە ڕێژنەدا دەڵێت: (باسی کێشەی چینایەتی و دادپەروەری و کۆمۆنیزمیان بۆ دەکا، ل٤١) لە دیوانەکەیدا کردوویە بە: (باسی ڕاستی و سەربەخۆیی و سۆسیالیزمیان بۆ دەکا. ل ٣٧٣) (بۆرژواکان یشی ل ٥١ ڕێژنە) کردووە بە: (داگیرکەران. ل ٣٧٦)

ڕێژنە کە ١٩٧٩ لە مەهاباد چاپ کرا، بە قاچاخ گەیشتەوە سلێمانی و ئەنوەر برزووی خاوەنی کتێبخانەی پەیام بە نهێنی دەیفرۆشت. لەسەر ڕێژنە، یان ڕاستتر لەبەر ناوی ئەو کۆمۆنیستانەی لە ڕێژنەدا هاتبوون و ڕەفیق سابیر لە کۆماری دیوانەکەیدا شەرەفی هاووڵاتیبوونی پێ ڕەوا نەبینیون، ئەنوەر برزوو لە ژێرزەمینەکانی ئاسایشەکاندا هێندە بەعسییانە ئازار درا، لە مردن و عەقڵ لەدەستچوون نزیک بووەوە.

نووسەر و شاعیر پێوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە، دەسەڵات پشتگیریی یان دژایەتی بەرهەمیان دەکات. هەموو دەسەڵاتێک هەوڵ دەدات بەشێک لە ئایدۆلۆژیای خۆی بخزێنێتە ناو مەعریفەوە، یان گەر بۆی لوا بە تەواوی مەعریفە کۆنترۆڵ بکات. یەکێک لە ڕێگاکانی کۆنترۆڵکردنی مەعریفەیش، کڕینی ئەوانەیە مەعریفە بەرهەم دەهێنن، شیعریش وەک دیاردەیەکی مەعریفی ئەم ڕێسایە دەیگرێتەوە. نزیکەی چارەکە سەدەیەک توانای مەعریفی ڕەفیق لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبدا بوو. ئەحمەد بانیخێلانی دەڵێت: ( کتێبی الحزب الشیوعی العراقی و المسألە الکردیەم دا بە هاوڕێ ڕەفیق سابیر، ئەویش بە زمانێکی ڕەوان و شیرین تەرجەمەی کوردیی کرد.)(٣٥)

درەختی بڵندهەڵچووی ناوبانگی ڕەفیق بە خوێنی ئەو شەهیدانە ئاودراوە کە ناویانی سڕیوەتەوە، تەلاری

شیعری چەند بەرز بێت، لەسەر بناغەی دەسەڵاتی حیزب هەڵچنراوە. حیزب وەک دەسەڵاتێک دەستی گرت و دروستی کرد. کردییە ڕۆژنامەنووس، شاعیری حیزب، خوێندنی باڵای پێ تەواوکرد و گەیاندییە باکووری ئەورووپا. بۆیە دەبوو وەک چۆن ئێزدی هەرگیز تف لە ئاگر ناکەن، ئەویش هەرگیز تفی لە حیزب نەکردبا. کەس ناڵێت دەبوو وەک چۆن عەلەوییەکان دوای هەر قومە شەرابێک دەڵێن: یا عەلی،(٣٦) ئەویش دوای نووسینی هەر شیعرێ بیگوتایە: یا حیزب، بەڵام زۆرن ئەوانەی دەڵێن: نەدەبوو ناوی حیزب و شەهیدانی لە شیعرەکانی دەربهێنێت.

(ئەوی ناپاکیی لە وڵاتی خۆی بکات، وەک ئەوە وایە سامانی باوکی بدزێت و بیداتە دز و ڕێگران، کەسی وا نە باوکی لێی خۆش دەبێت، نە دز و ڕێگرانیش پاداشتی دەدەنەوە.)(٣٧) نێونەتەوەییەکیش کە دەبێتە نەتەوەیی، متمانەی کۆمۆنیستەکان لە دەست دەدات و نابێتە جێی باوەڕی ناسیۆنالیستەکانیش.

ڕەفیق سابیر پارچەیەکی لە جگەری حیزب کردەوە، دیوارێکی ماڵی حیزبی ڕووخاند، ناوی حیزب و شەهیدانی حیزبی دیوانبەدەر کرد و وەک مافێکی سەرەتایی خۆی، بیروباوەڕی خۆی گۆڕی، بەڵام نەیتوانی و ناشتوانێت ڕۆژێک لە ڕابردووی خۆی بسڕێتەوە. ئەوە گرنگ نییە ڕەفیق چەند ساڵ کۆمۆنیست بوو؟ چەند ساڵ ناسیۆنالیست دەبێت؟ گرنگ ئەوەیە چەند شیعری جوانی نووسیوە؟ چەند شیعری جوانتر دەنووسێت؟ با ماڵی حیزب کاول بێت و ماڵی هۆنراوەیش ئاوەدان.

١٩٩٨/٦/١


سەرچاوەکان:

١) عبداللطیف اللعبی، حرقه الاسئله ص ٢٥ ط ٢ دار توبقال ١٩٩٦ الدارالبیضاء.

٢) د . عبدالفتاح الدیدی، الخیال الحرکی ص ٩٧ القاهره ١٩٩٠ الهیئه المصریه العامه للکتاب.

٣) حلمی سالم، التجریب، القدس العربی ٣١ ـ ٠٧ ـ ١٩٩٧لندن.

٤) د. عبدالسلام المسدی، شعرنا العربی المعاصر و الزمن المضاد ص ٢٧ فصول، المجلد الرابع عشر، صیف ١٩٩٧ القاهره.

٥) ل ١٦٤ سەرچاوەی دووەم.

٦) سوزان برنار، مدخل الی قصیده النثر، من میلاد النوع الی بودلیر، فصول، ص٢٣٣ شتاء ١٩٩٧ المجلد ١٥ القاهره.

٧) ل ١٨ سەرچاوەی چوارەم.

٨) بول شاوول، مقدمه فی قصیده النثر العربیه ص ١٥١ فصول، المجلد ١٤

٩) سوزان برنار، مدخل الی قصیده النثر، من النثر الشعری الی قصیده النثر، فصول ص ١٨٦ خریف ١٩٩٦المجلد ١٥

١٠) و ١١) د . عبدالرحمن قعود، فی الابداع و التلقی، عالم الفکر ص ١٥٧ ، ١٦٢ ، ١٦٣ ، ١٨٢عدد ٤ ـ ١٩٩٧ الکویت.

١٢) د. صلاح فضل ،بلاغه الخطاب ،ص ٩٥ عالم المعرفه ١٩٩٢ الکویت.

١٣) جان کوهن، بنیه اللغه الشعریه، ص ٤٢ ١٩٨٦ دار توبقال الدار البیضاء.

١٤) خلدون الشمعه، تقنیه القناع، فصول ص ٧٧ مجلد ١٦ صیف ١٩٩٧ القاهره.

١٥) د. محسن اطیمش، دیر الملاک ص ١٤٧دار الرشید ١٩٨٢ بغداد.

١٦) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ئاوەڵناو ل ٧٦ ـ ٧٨ کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد ١٩٩٢ بەغدا.

١٧) د. محمد مفتاح، تحليل الخطاب الشعرى ص ١٢٠ المركز الثقافى العربى ١٩٨٦ بيروت.

١٨) سعدى يوسف، الاعمال الشعريه الكامله، المجلد الاول ص ٢٧ ط ٤ ١٩٩٥ دمشق.

١٩) حەمەسەعید حەسەن، سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی ل ٧٦ چ. ئاپێک ١٩٩٢ ستۆکهۆڵم.

٢٠) دیوانی شیرکۆ بێکەس ل ٧٢٥ بەرگی ٢ چاپەمەنی بابان ١٩٩٣ سلێمانی.

٢١) محەمەد حەمەباقی، گوڵەکانی دۆزەخ ل ٣٤ چ. محەمەدی ١٩٩٠ سەقز.

٢٢) و ٢٣) ئەحمەد شاملوو، تا شکۆفەی سووری کراسێک، و. ناسر حسامی ل ٦٥ ئینتشاراتی پۆیا.

٢٤) و ٢٥) حەمەسەعید حەسەن، شیعر و هەڵوێست ل ٤٦ و ٤٧ چاپی ٢ چ. ئاپێک ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم.

٢٦) ادمون ولسن، قلعه اكسل، ترجمه جبرا ابراهيم جبرا ص ٩٣ ط ٣ ١٩٨٢ بيروت.

٢٧) احمد الشهاوى، قداسه المعشوق، القدس العربى ٠٣ ـ ٠٧ ـ ١٩٩٧ لندن.

٢٨) ڕابوون ژ: ١٧ ل ٥٥ ١٩٩٦ ئوپسالا.

٢٩) ڕەفیق سابیر، کارەساتەکە و فیکری پەیڕەو، سەردەمی نوێ ژ: ٤٧ ی ساڵی ١٩٩٠ ستۆکهۆڵم.

٣٠) بڵاوکراوەی سەکۆ، ژ: شەش، ل ٩ نیسانی ١٩٩٧ بەرلین.

٣١) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی ١ ل ٢٢٨ ـ ١٩٩٠ ستۆکهۆڵم.

٣٢) ئاسۆ گەرمیانی، گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ کاک ڕەفیق سابیردا، بەربانگ ژ: ٦٩ ل ٥٣ و ٥٤ کانوونی دووەمی ١٩٩١ ستۆکهۆڵم.

٣٣) ڕابوون، ژمارە ١٢ ل ١٤ ١٩٩٤ ئوپسالا.

٣٤) بۆ زانیاری زێتر بڕوانە: اليک ايها الوطن ی سعيد عويناتی کە سەعدی یوسف پێشەکی بۆ نووسیوە ١٩٨٦ نیقوسیا.

٣٥) ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم ل ٣٨٢ ١٩٩٧ ستۆکهۆڵم.

٣٦) ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، ل ٢٢٨ چ مەنسوور ١٩٩٣ ستۆکهۆڵم.

٣٧) ناپلیۆن.

٣٨) لە هەندێ جێگەدا ناڕاستەوخۆ سوودم لەو دوو ژمارەیەی هاوین و پاییزی ١٩٩٦ی گۆڤاری فصول کە تایبەتن بە شیعری هاوچەرخی عەرەبی وەرگرتووە.

بۆ شیعرەکانی ڕەفیق سابیر بڕوانە:

پشکۆکان ئەگەشێنەوە، چاپی دووەم، مهاباد ١٩٧٩ کتێبخانەی سیدیان.

ڕێژنە، مهاباد ١٩٧٩ کتێبخانەی سیدیان.

کاروانسەرا و وەرزی سەهۆڵبەندان، چاپخانەی هەڵەبجە ١٩٩٠ سوێد.

وەرزە بەردینە، لە بڵاوکراوەکانی پەڕەنگ ١٩٩٢ دارمشتات.

دیوانی ڕەفیق سابیر ١٩٩٣ سوێد.

ئاوێنە و سێبەر، لە بڵاوکراوەکانی ڕابوون ١٩٩٦ سوێد.

ژوانی ڕووناکی، لە بڵاوکراوەکانی ڕابوون ١٩٩٧ سوێد.